بەیاننامە لەسەر ڕاگواستنی کوردە فەیلییەکان

مێژوو تۆماری کردوە کە کوردە فەیلییەکان بەر لەدروست بوونی یەکەم دەوڵەتی عێراق وزیاتر لە ٤٥٠ساڵ بەر لەئێستاوە لە(١٥) شار وشارۆچکەی ناوەڕاست وخواروی عێراقدا دەژین, هەرچەندە ئەو بەشە ڕەسەنەی کورد گێچەڵی دەسەلاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق یەخەی بەرنەداون وبەهۆکاری کوردبوونیان هەمیشە ڕوو بەڕووی هەوڵی شۆڤێنیانەی دەرپەڕاندن وناوچە پێ چۆڵکردن بوونەتەوە, بەڵام کاریگەرترینی ئەو هێرش وپەلامارانە زنجیرە تاوانە بەپیلانە خوێناویەکانی سەردەمی حوکمی **حزبی بەعسی** لەناوچوو بوو کە لەدوای مانگی **نیسانی** ١٩٨٠ بەچڕی دەستی پێکرد وبەردەوام بوو تا ڕوخاندنی ئەو ڕژێمە لە **نیسانی** ٢٠٠٣دا, وە ئەو هێرشانە کە بە قەتڵ وعامی کوردە فەیلییەکان ناسراوە تیایدا ڕژێم بێ سڵ کردنەوە هەموو دام ودەزگا حزبی وئەمنی وحکومییەکانی بەسەرپەرشتی خودی (**صدام**)ی سەرۆک کۆمار وبەپاڵپشتی بڕیارە تاوان ئامێزەکانی(**ئەنجومەنی سەرۆکایەتی شۆڕش**)ی هەڵوەشاوە, ئەو شالاوانەیان بەپیلانی دارێژراو ئەنجام دەدا کەتیایدا,بەهەزاران خێزانی کوردی فەیلی دووچاری ڕاگیران وزیندانی کردن وئەشکەنجە ودوورخستنەوە وکوشتن وئەتکی ناموس ولێسەندنەوەی بەڵگەنامەکانی بەعێراقی بوون ودوورخستنەوە وکوشتنی بەکۆمەڵ بوونەتەوە, وە هەموو سامان ومااڵی گوێزراوە ونەگوێزراوەیان دەستی بەسەردا گیراوە وبەتاڵان براوە, لەو شالاوەدا ڕژێم بە هەموو توانایەوە قەتڵ وعامی فەیلیەکانی کردووە وبەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کەدەست دادگای باڵای تاوانەکان کەوتون گیراوەکانیان ڕووبەڕووی دەرمان خوراد کردن وتاقی کردنەوەی چەکی کیمیایی لەسەر جەستە وژیانیان وکوشتنیان بەفرێدانە ناو حەوزی تێزاب وزیندە بەچاڵ کردن بوونەتەوە, بەهەزاران خێزانی سڤیل لە ژن وپیر ومندااڵ دوور خراونەتەوە بۆ بیابانەکانی نوگرە سەلمانی بەدناو وپاشان بەناو کێڵگەکانی میندا ولە سنووردەکانەوە ئاودیو کراون بۆ ئێران ولاوەکانیشیان بەکۆمەڵ لەبەردەکانی شەردا بەکار هێندراون بۆ تەقاندنەوەی کیلگەکانی مین لەکاتی هێرشەکانی جەنگی عێراق ئێراندا. بە ووتەی یاسا تاوانی کۆکوژی وتاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانەکانی جەنگیان لەسەر جێبەجێ کراوە, کە ئەو تاوانانە جگە لەوەی کە بە پێی ڕێکەوتنامە نێو دەوڵەتییەکان وبڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان قەدەغە کراون, هەروەها دژن بە بنەماکانی مافی مرۆڤی جیهانی ونەرێتە ئاینی وکۆمەاڵیەتییەکان لە ئاستی جیهاندا, وە بەوتاوانانە حکومەتی ناوەندی ئەو دەمەی عێراق یەکەم ئەڵقەی سیاسەتی جینۆسایدکردنی گەلی کوردی لەسەر کوردە فەیلییەکان جێبەجێ کرد لە ئاستی سەرانسەری عێراق کە ژمارەیان بەزیاتر لە ٢,٥ ملیۆن مەزەندە کراوە لەو کاتەدا کەزیاتر لە (١) ملیۆنیان لە شاری بەغدا دەژیان.

جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان:

ڕاستەوخۆ دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری لەبەغدا ، چاالکەوانانی کوردی فەیلی وهەموو مرۆڤ دۆستان کەوتنە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکانی تایبەت بەو تاوانە مێژوویی وبە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان وبەسەرپەرشتی لیژنەی بەدواداچونی کەیسەکان لەوەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان توانرا لە بری هەموو قوربانیانی کوردی فەیلی (٨٧) شایەتحاڵ وداواکار بڕێنە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق کەبەپێی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) تایبەت بەلێکۆڵینەوە ودادبینی لە تاوانەکانی ڕژێم دژ بە کۆمەڵگای عێراق دامەزراوە, دادگای ناوبراو لە بەرواری ٢٠٠٩/١/٢٦ یەکەم دانیشتنی بۆ دادگایی کردنی ١٦ تاوانبار لەسەرانی ڕژێمی ڕووخاو گرێ داو لەبەرواری ٢٠١٠/١١/٢٩ لەدوا دانیشتنیدا دادگا بڕیاری دا کە کوردە فەیلیەکان لەئاستی عێراق ولەسەردەمی ڕژێمی ڕوخاودا دوچاری تاوانی کۆکوژی (جینۆساید) وتاوانی دژی مرۆڤایەتی وتاوانەکانی جەنگ

بوونەتەوە بەپیلان وبڕیاری حکومەتی ناوەندی ئەوکاتە وبەکرداری ئەو تاوانانەیان لەسەر جێبەجێ کراوە ولە ئەنجامیدا قەتڵ وعام کراون وکارەساتیان بەسەردا هێنراوە.

بەڕێزان:

دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق بەو بڕیارە مێژوویی‌یەی راست ودروستی داوای کوردە فەیلییەکان ودڕندەیی ودژە مرۆیی رژێمی روخاوی عێراق وبەشێك لە ئازار ومەینەتییە مێژوویی‌یەکانی گەلی کوردی خۆڕاگر وسەروەری یاساو دادوەری عێراقی سەلماند, کە لە ئەنجامی ئەو بڕیارەدا بواری یاسایی دەرەخسێنرێت بۆ قەرەبوو کردنەوەی ماددی زیانلێکەوتوانی دەست تاوانەکانی رژێم لە کوردە فەیلییەکان.

ئێمە لەلیژنەی بەدواداچونی کەیسەکان لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان پێمان وایە لە بنەڕەتدا ئەو تاوانانە لەلایەن سەرانی حکومەتی ناوەندی عێراقەوە لەو سەردەمەدا بەبڕیار وپیلان ونەخشەی دارێژراو ئەنجام دراوە وبەپێی ئەو بڕیارانەی دادگا ئیلتزامی یاسایی لەسەر حکومەتی فیدرالی ئێستا وداهاتووی عێراق دروست دەبێت کە میراتگری یاسایی حکومەتی پێشووە وە لە سالیادی رۆژی شەهیدی کوردە فەیلیەکاندا کە رۆژی ٤/٤ ی هەموو ساڵێکە داواکارین حکومەتی فیدرالی قەرەبووی زیانلێکەوتوان بکاتەوە ومولك وماڵە زەوتکراوەکانیان ورەگەزنامەی عێراقیان بۆ بگێڕتەوە ولەوەش گرنگرتر ئەوەیە کە دەبێت هەردەم پابەند بێت بەچاودێری کردنی دروست مامەڵە کردن لەگەڵ کوردە فەیلییەکان ودووبارە نەکردنەوەی هیچ جۆرە پێشێلکارییەك لەسەریان وبەردەوام بڕیارەکەی دادگا چەکێکی یاسایی دەبێت بەدەست کوردی فەیلییەوە کە ئارامی ژیانی خۆیانی پێ بپارێزن, وە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وهەموو چالاکەوانانی کوردی فەیلی وحزبە سیاسیەکان وهێز وریێکخراو وکەسە مرۆڤ دۆستەکانە کە لەئاستی ناوەوە ودەرەوەی وولاتدا رۆژی ١١/٢٩ ی هەموو ساڵێك بەڕۆژی سەرکەوتنی کوردە فەیلیەکان بناسێنین وهەردەم لەو رۆژەدا ئەو تاوانە مێژوویی‌یە نەخوازراوە رسوا بکەین وبڕیاری دروستی دادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق بەبەرزی هەڵسەنگێنین وبەهەموومانەوە ئەو مێژووە پڕ لەتاوان وئازار وتێکۆشانە بەرز ونەمر راگرین وبەردەوام بیکەینە بەربەست لەبەردەم ئەگەری دووبارە بوونەوەی تاوانی لەو جۆرە .

نەمری و سەربەرزی بۆ قوربانیانی کوردە فەیلییەکان

سەرشۆڕی وکۆتایی هاتن بۆ تاوانباران ودیکتاتۆریەت.

سەروەری بۆ یاسا.

یاسایی نجم الدین حمەسعید حمەامین

بریاردەری کەیسەکانی کوردستان لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان

لیژنەی بەدواداچوونی کەیسەکانی کورد لەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

هەولێر ٢٠١١/٤/٤